سیره: ٨

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر{١} إن الإنسان لفي خسر{٢} إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر{٣}) سورة العصر، والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

ماددەی ئەوڕۆمان ماددەکی قیچەك حەساسە، وە ضڕوڕیشە تەقریبەن مەقاصید و ئەهدافی سیڕە لێرەوە دەست پێ دەکا، إن شاءالله حەزدەکەم ئینتیباهـ زۆر بی، ناوی دەرسەکەش سوننییەتی ئیمان لە قوڕئان وەصیغەی وەرگرتنی ئیمانی صەحیح لە محمد صلى الله عليه وسلم، بەعزەك قەواعید هەیە إن شاءالله موسبەقەن بەسەریعی عەرضتانی دەکەم، پێشترێ لە سەوەی زۆر ڕۆیشتینە ئەویش قانونییەتی کەون وجودی سوننەك لە کەون، سوننە یەعنی قانون، وفقی ئەو قانونانەی ئەو کەونە ئیش دەکا، عبودییەتی ئەو کەونەی وفقی ئەو قانونییەتەیە، ئینسانیش جوزئەکە لەو کەونەی ئەویش قانونی خاصی خۆی هەیە، دیسان لە صاحێبی ئەو قانونەی قانونی لە بۆ هاتیە، تەطابوقییەت هەیە نەك تەشابوهو موقاڕەبە، تەطابوق وەك یەکی لە بەینی سوننەی کەونی و سوننەی شەرعی، سوننەی کەونی زۆر بە سەری داچووین.

پێشی پێنج شەش دەرس بەحثی ئەوەمان کرد موغناطیسییەت و جاذبییەت و دەورانی فەلەك و ئاسمان و زەوی و قانونی رووەك ئەوانە هەمووی سوننەی کەونین، باری تەعالا لە بۆ بەشەریش قانونی دانایە سوننەی دانایە، ئەویش مەنهەج ناردنە ریسالەت ناردنە لە هەر زەمانەك لە هەر مەکانەك بەواسطەی بەشەر لە بۆ بە شەر، بەویش گوترایە سوننەی شەرعی، لە صوحوفی ئادەمەوە دەست پێ دەکا هەتا قوڕئانی خۆمان، تەطابوقییەتەك هەیە لە بەینی سوننەی شەرعی و سوننەی کەونی، قوڕئانیش ئائەو سوننە شەرعیەیە کە باری تەعالا بە ئیرتیضاء بەرزای بوونی کامیل و موطڵەق لە بۆ (محمد)ی ناردیە، کە دەرێین قوڕئان قانونە صیبغەی قانونییەتیشی هەیە لە طەڕح، قانونە قوڕئان، صیغەی طەڕحیشی قانونییەتە.

مەثەلەن کە بەحثی مڕور دەکەین ئەمە لە دەرێ لە سەر جادە قانونی هەیە، ئەو قانونە وفقی نیظام دێتە وجود وفقی تەقنین دێتە وجود، ئینسان دەبی وفقی ئەو قانونەی ئیلتیزام بە قانونییەتی مڕوڕ بکا، یەعنی ئیلتیزام کردن بە قانونی مڕوڕ خۆی قانونی خۆی هەیە، لە بەساطەت دەست پێ دەکا قانونی

مرور هەتا نوقات و مەراحیلی موعەقەد و برند، باری تەعالاش لە قورئان نەفسی قانونی هەیە نەفسی ئوسلوبی هەیە لە تەقنین، هەرشتەك باری تەعالا بیەوێ تەحویلی كا لە بۆ بە شەر وفقی قانون بووە، لە قورئان فەوضا نییە هەمووی وفقی قانون و میعیاری خۆی هەیە، كەممی خۆی طەرح دەكا قورئان، ئەصلی قەضییە بەینی مەو بەینی باری تەعالا ئیمانە، حەلەقەی رەبطی مە لەگەر باری تەعالا ئیمانە، وە مەقصودی الله لە بەشەر ئیمان پێهینانە، حەتمەن دەبی ئەویش قانونی خۆی هەبی، بە فەوضا ئیمان هینان دروست نابی، ئیمان لە قەلبی ئینسانی موئمین بە فەوضا دروست نابی، هەر كەسەك من قام و دب بە كەیفی خۆی ئیمان بینی لە قورئان ئەوە نییە، ئیمان هینان قانونی خۆی هەیە، دەست پێ دەكا لە فلان مەرحەلە بە فلان صیغە سەبر سەبر تەدەروج دەكا ئەو ئیمانە برند دەبی هەتا دەگاتە مستەوای ئیحسان.

كە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە ئەحادیثی خۆی مەراتیبی ئەو ئیمانەش تەحدید دەكا، بە بضع وستون یاخود بە بضع وسبعون، ئەوە هەمووی مەراتیبی ئیمانە دەرەجاتی ئیمانە، ئیذەن كە قانون هەبی لە ناو قورئان بەنیسبەت هەموو كەون بەنیسبەت هەموو دین بە نیسبەت هەموو تەشریع، نەفسی وەقتیش قانونیش هەیە لە بۆ ئیمان، دەبی وفقی ئەو ئیمانەی ئینسان بێتە ناو ئیسلام، پاشان ئیمان دەرەجاتی ئیمان تەدەروج دەكا سەبر سەبر برند دەبی هەتا دەگاتە مستەوای ئیحسان، بەهۆردوو بەشیەوە، نوقتەی دی باری تەعالا كەدێ ئیتیصال دەكا بە بەشەر، عەن طەریقی سەفیر، ئەویش جبریل، سەفیری ئاسمان ئیتیصال دەكا لەگەر سەفیری ئەرز محمد، ئەو (محمد)ە باری تەعالا تەقدیمی دەكا بە مومەثیلی ئیمان، باری تەعالا رەسولی خۆی بە مومەثیلی ئەو ئیمانەی تەقدیمی دەكا، یەعنی چ؟ یەعنی هەرچی نەضەریاتی ناو قانونی قورئان هەیە، دەبی ئەووەلەن محمد صلی الله علیە وسلم بێ ئیمتیصاصی بكا وەری بگری، لە ناو داخیلی خۆی زەمینە و ئەرضییەی لە بۆ دابنێ، پاشان بە واقیع تەحویلی كا، ئەو وەختی دەوروبەر و بیئە وەسەط هەموو ئینسانەك لە فیعلی محمد ئیمان وەردەگری.

ئیذەن محمد وەسیطە لە تەحویلی قانونی نەضەری لە بۆ قانونی عەمەلی، ئیذەن خۆی بالذاتە محمد مومەثیلە لە بۆ ئەو ئیمانەی، وەلە بۆ صیبەغی وەرگرتنی ئیمانیش، ئیذەن قانونی وەرگرتنی ئیمان لە قورئان دەبی بەنەفسی تەسەلسول و مەراحیلی وەرگرتنی ئیمانی محمد بی صلی الله علیە وسلم، ئەگەر غەیری وی بی ئیمانەكەیان صەحیح نییە یان عەمیق نییە یان ریسالی نییە ناضیج نییە، ئیمانەكە خۆی بە شعوری خۆی ئینسان دروستی كردیە لە بۆ خۆی، ئەوە موقەدیمەی مەوضوعە.

ئەوجە نەقل دەبین لە بۆ سیرەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، کە باسی وەحیمان کرد، باری تەعالا بە چ صیبیەغ وەحی لە بۆ ئەو (محمد)ەی نازل کرد؟ صلی الله علیه وسلم، وە ئەو وەحییە کو لە ناو داخیلی زەمینەی داکوتی، ڕەگی داکوتی، عومقی دروست کرد؟ ئەوجە پاشان خۆی ئائەو ئیمانە بە واقیع بەبێ زمان بێ ئەوەی تەفەووهی پێ بکا، بێ ئەوەی قسەی پێ بکا، تەحویلی کرد لە بۆ وەسەط، مەعلومتانە دوو مەرحەلە هەیە لە هەموو کتوبی سیرە، وە موتەمەعین لە قورئان دەتانی ئەو دوو مەرحەلەیە فەصڵ کا، ئەویش مەرحەلەی نبووەت لەگەر ریسالەت، دوو حالەت هەیە بە سەر پێغەمبەر داچووە، مەرحەلەی ئینسانی عادی بەدء پێشی نبووەت، ئەویش چل ساڵە، بەو چل ساڵەی هەمووی ئیعداد کرایە لە بۆ مستەوای نبووەت، کە تەقەبولی ئەوراق و ئیعتیماداتی لە سەر کرایە لە بۆ نبووەت بار تەعالا قبولی کردیە، فەترەی نبووەت دەستی پێ کردیە سێ ساڵ هەتا بوویتە رەسول.

موختەصەرەن تەعریفی نبووەت ئەوەیە باری تەعالا بێ ئیتیصال بکا بە بەشەر بێ ئەوەی بەشەرەکە ئاگای لە خۆی بی، باری تەعالا بێ تەعاروف بکا لەگەر بەشەرەك وفقی ئەسماء و صیفاتی خۆی، ئائەو بەشەرە تەحەمولی ئەو تەعاروفەی بکا، ئیعتیراف بە باری تەعالا بکا کە مەعبود، وەکە ساحێب مەنهەج، عیلمەن ئەو بە شەرە لێی مەطڵوب نەبی ماددەی مەعریفە و مەعلومات نەقل کا لە بۆ دەوروبەری خۆی، بەوەی دەگۆترێ نەبی، ئەمری پێنەکرابی لێی مەطڵوب نەبووبی مەعاریفی رەبانی کە لە باری تەعالاوە لەبۆی هاتتە خوارێ نەقل کا دەوائیر دەوائیر لە بۆ غەیری خۆی، بەوەی دەگۆترێ نەبی.

ئەمما ئەگەر هاتوو بە نەفسی ئوسلوب باری تەعالا ئینسانی هەر بژارد لە سەر ئەرز، خۆی پێ تەعریف کرد، وەمەکتوبیشی لە بۆ نارد ریسالە پەیام، وەئەمریشی پێکرد ئائەو پەیامە نەقل کا لە (الله) وە لە بۆ بە شەر بەوەی دەگۆترێ رەسول.

نەبی لە بۆ خۆیتی بە عزە جار لە بۆ دەوائیری موغلەقی دەوروبەری خۆیتی، ئەمما رەسول لە بۆ ئەو زەمان و ئەو مەکانەیە کە باری تەعالا ئەمری پێ کردیە مەوقیعی جوغرافی و زەمەن، حەزرەتی لوط لە بۆ مەنطیقەی ئوردنە، حەزرەتی ئیبراهیم لە فڵسطین لە بۆ مەککەیە، حەزرەتی نوح لە مەنطیقەی دەوروبەری تورکیایە، هەریەکە مەوقیعی جوغرافی خاصی خۆی هەیە، رەسولە لە بۆ ئەو جێیە وە لەوزەمانەش، ریسالەی خاصی خۆی هەیە، داود زەبوری پێیە، موسا تەوراتی

پێیە، عیسا ئینجیلی پێیە، محمد قورئانی پێیە، ئا ئەوانە رەسولن، فاریقی بەینی ریسالە و بەینی نبووەت، هەر رەسولەك دەبی بە فەترەی نبووەت داچووبی، ئەوجە کەم بووبی یان زۆر، هەر رەسولەك دەبی بە دەورەی تەدریبی نبووەتی داچووبی، داخیلی مەدرەسەی نبووەت بووبی، مەدرەسەی نبووەتی محمد صلی الله علیه وسلم سێ ساڵە، لە چل ساڵی هەتا چل و سێ ساڵی نەبییە لێی مەطلوب نییە مەعریفەی (الله)ی بکا لە بۆ هیچ بە شەرەك بەس لە بۆ ذاتی خۆی، قانونی هەر نەبییەك پێش ئەوەی ببتە رەسول قانونی خاصی خۆی هەیە، بەنیسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم دەرسی پێشترێ بە حسمان کرد، ئەو هەموو ئیرهاصاتانە ئەو هەموو ئیعداداتانە بەنیسبەت پێغەمبەریە صلی الله علیه وسلم، هەر لە پێشی ویلادەیەوە ئیختیارو ئیصطیفائی باری تەعالا پاشان مەراحیلی لە دایك بوونی تووشی ئیبتیلائاتی ئیجتیماعی بە یەتیم بوونی سێ جار.

سێ جار پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یەتیم بووە، ئەو جا سەبر سەبر مەرحەلەی فتووە، مەرحەلەی موراهەقە، مەرحەلەی شەباب پاشان مەرحەلەی پیاو ژن هینان، بوعدی ئیقتیصادی حالەی عیبادەتی لەوێ لەو زمانەی، ئەوانەی هەمووی بەحثمان کرد صیبەغی ریعاییەت و عینایيەتی رەبانی بەنیسبەت محمد، ئەوە هەتا دەگاتە مستەوای چل ساڵی پێشی نبووەت، کە دەگاتە مەرحەلەی وەحی لە غاری حیراء، باری تەعالا ئیختیاری دەکا، ئەخیر ئیمتیحان و ئەخیر عەمەلیاتی بەدەنی لەبۆ دەکرێ کە بە حسمان کرد دەرسی پێشترێ حەزرەتی جبریل دەیگری باوەشی پێ دەکا، هەتا دەترسێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بمری لە بن دەستی، سێ جار ئەو عەمەلیەیە تیکرار دەبی، ئەوەش مەرحەلەی تەتویجی نبووەتەکەیە، کە (إقرأ)ی لە بۆ دێتە خوارێ جارێ نەبییە، إقرأ نەبیە نەبوویتە رەسول (إقرأ باسم ربك الذي خلق)، ئەو هەموو ریعاییەتە عینایيەتە رەبانییە بە نیسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لە بۆ ئەو مەرحەلەیە، عیلمەن ئەو مەرحەلەیەش خۆی قەلیقە دەبی نەقل بی لە بۆ مەرحەلەی ریسالەت.

ئیذەن ئەو مەرحەلەیەش هەر ئیعدادە، لە بۆ چ؟ ئیستیعداد و ئیعدادکردنی زەمینەی: (إنا سنلقي عليك قولا ثقيلا) (المزمل٥) یاخود (وأنذر عشيرتك الأقربين) (الشعراء٢١٤) أو (يا أيها المدثر{١} قم فأنذر{٢}) (المدثر١)، ئەویش حەتا ریسالەت بە مەراحیلدا چووە، هەریەکسەر پێی نەگوترایە برۆ هەموو عالەمی جەمع کە لە بەیت، هاوار بکە و برێ ئەمن رەسولم، ئەویش بە مەراحیل داچووە، لە قورئان هەمووشتەك قانونە، هەموو شتەك نیظامە، هەموو شتەکیش وفقی حاجە و زەمانی خۆی لە بیدایەت لە بەساطەت دەست پێ دەکا سەبر سەبر لە بۆ تەعقید دەروا لە بۆ قیممە دەروا.

باری تەعالا ئەو هەموو تەجاروبەی کە بەر سەر محمد داهینایە هەموو مەقصەدی ئیعداد بووە، دیسان لە بیدایەتی ئیصطیفائەوە (إن الله اصطفی آدم ونوحا وآل إبراهیم...) (آل عمران٣٣) بەینە قەوسەین [مەبەست آل إبراهیم]ە (...وآل عمران علی العالمین) (آل عمران٣٣)، (آل إبراهیم) شمولی محمد دەکا، (إن الله اصطفی آدم) بەتەنێ (ونوحا) بەتەنێ لە ئیببراهیم دەفەرمی (آل إبراهیم)، حەتا ئەمەش کە صەڵەوات لێ دەدەین اللهم صلی علی محمد وآل محمد کما صلیت علی إبراهیم وآل إبراهیم، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم سیلسیلەی ئیبراهیمە (وآل إبراهیم... علی العالمین) (آل عمران٣٣)، سەبر سەبر ریعایەتی پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم لە داکەوە مەدارس دروست کردنی جەبری لە بۆ محمد، لە بۆ ئیعداد لە بۆ مستەوای ریسالەت، ئەویش پێشترێ بەحثمان کرد کەسێ عەمود هەیە، لە حەیاتی ئینسانی ئیجتیماعی ئیقتیصادی بونیەوی تەنشیئی لە بابەوە دەست پێ دەکا، پاشان داك ئەوجا پاشان بیئە، چونکی ویراثە و بیئە ئەثەری تەواو و کامیلی هەیە لە سەر بەشەر، باری تەعالا کو ئائەو حالەتانەی لێ سەحب دەکا، ئەو ئەعمیدانەی لێ سەحب دەکا، لۆوەی محمد صلی الله علیە وسلم مواجەهەی حالەك بکا مەصنوعە لە بۆی وە مەقصودیشە لە بۆی، پێش ئەوەی جارێ لە دایك ببی بە دوومانگ بابی ئەمری خوای دەکا، پاشان بە شەشساڵی داکی ئەمری خوای دەکا، بە هەشت ساڵی باپیری ئەمری خوای دەکا، هەمووی مەقصودە وفقی خەریتەی ئاسمانە، لۆ؟

میثالەك دەبینین لە واقیعی بەشەری خۆمان، مندار کە لەداك دەبی ضەعیف ترین کائینە لەوجود، مندار کە تازە لەداکی دەبی ضەعیف ترین کائینە لە وجود، قەضای حاجاتی خۆی ناتانی بکا، ئیحتیاجاتی خۆی ناتانی دەفع کا، مەثەلەن بەقووەتترین ئیحتیاج بەنیسبەت منداڵی وەلید تازە لە دایك بووبی برسیاتییە و تێنیاتییە نازانی چیە؟ دەبی جیهەك خاریجی تەزویدی بکا ئەویش داکیتی، مەفهومی بە خێو کردن لە ئینسان لە حەیوان لە نەباتیش مەوجودە، حەتا خورما ئەگەر ئەوەی لە جنوب ژیابی فەصائیلی بنی خۆی هەیە، دار خورمای گچکە گچکە لە بنە خۆی دروست دەبی، ئائەوە نەوعە ریعایەتەکە بەنیسبەت نەبات، حەیوان نەفسی شت هەموو حەیوانەك ریعایەتی فەرخەی خۆی دەکا، لە بەینی ئائەو منداڵە ئەو فەرخەیە لەگەر ئەو داکەی مەفهومەك هەیە فیطڕییەن ئەو داکە جیبللییەن لە سەری خەلق بووە، ئەویش مەفهومی ئومومەتە، کە لە ریعایەت و دەفعی حاجات و مولاطەفەی ئائەو منداڵەی ئائەو موحتاجەی بکا بگەینتە ئەو مستەوایەی بتانی منداڵەکە ئەقەلەن

حاجاتی ضرووری خۆی دەفع کا، ئەو حالەتە کێ دروستی دەکا لە ذاتی ئینسان؟ الله، لە ذاتی حەیوان الله، لە ذاتی نەبات الله دروستی دەکا.

بەنیسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم باری تەعالا ئا ئەوەشی لێ سەحب دەکا، لۆوەی بە هیچ نەوعەکی ئەو قەواعیدانەی کە خۆی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دادەنێ پاشی ریساله و نبووەت بەنیسبەت ئیمان بە مەفهومی ربوبیەتی کوللی کەونی، پاشان ربوبیەتی دینی ریسالی بە نیسبەت بەشەر باری تەعالا دەیەوێ ئەوانەی هەمووی لە مێشکی محمد بە صەفاءو نەقاء بمینێ، هیچ موتەعەلیقاتەك بیئی طەبیعی ئیجیتماعی لە مێشکی پێغەمبەر نەمینێ، ئەثەر دروست نەکا، هەرچی چەکمەجەی مەفهومی ربوبییەتە لە مێشکی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم هەمووی فارغ بمینێ، ئەگەر هات باری تەعالا ئیتیصالی لەگەر گرت بە مەفهومی ربوبییەت، ئائەو چەکمەجە فاریغانە هەمووی پربکرێتەوە بەمەقصودی (الله)و ربوبییەتی (الله)ی، نابی بەشەك لەو ربوبییەتە باب حجزی کا، بەشەك لەوربوبییەتە داك حجزی کا، بەشەك لەو ربوبییەتە باپیر حجزی کا، یاخود بیئەی قورەیش حجزی کا، هەمووی کوشەن فاریغ بی، هەمووی پربی لە بۆ ذاتی الله، لۆیێ باری تەعالا پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بەیەتیمی خەلق دەکا، بەبێ باب، بێ داك، بێ باپیر، بێ موجتەمع و بیئە.

یەعنی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەدرێتە خاریجی مەککە لە بۆ بەنی سەعد ئەوەیە تووشی نەخۆشی نەبی لە مەککە؟ نەخێر، ئەوەیە فێرە زمان ببی؟ لە خاریجی مەککە؟ نەخێر، ئائەوە مەقاصیدی ثانەویە لە مەوضوع، ئیننەما الله دەیەوێ جل جلالە ئائەوەی کە بە خێوی دەکا حەتا شیری دەداتی حەنان و عەطفی داکاتی لە سەرنەبی، بەکرێ گیرایە، لۆوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دائیمە لە بوعدی حاجەی ربوبی لە قیممە دابی، کو ئینسانەك دائیمە تێنی بی زۆریش تێنی بی، دائیمە تێنی بی وە زۆریش تێنی بی ئیحتیاجی بە ئاو زۆری دەبی، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم لە لاشعور و شعوری ئەو حالەتە دروست ببی، بە نیسبەت کێ؟ بەنیسبەت ربوبیەتی رب العالیمن، لۆیێ یەکەمین ئیتیصال کە باری تەعالا بە محمد دەکا دەفەرمی (اقرأ باسم ربك....) (العلق١)، (اقرأ باسم ربك....) (العلق١)، هیچ سیفەتی پێ نارێ، چونکی موحتاجترین صیفەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێوەی موحتاج بووبی ربوبییەتەکەیە، لە کێ؟ لە باب؟ لە داك؟ لە موجتەمەع؟ لە بیئە؟ نەخێر، لە (الله)ی (اقرأ باسم ربك....) (العلق١).

ئائەو ربوبییەتە کە پێشترێ لە بۆی ئیعداد کرایە محمد صلی الله علیە وسلم، هەرچی فەڕاغات و هەرچی مەقاساتی مێشکی هەیە خەلایەی مێشکی هەیە کە پێویستی بە روبوبییەتە هەمووی فاریغە، لە بۆ کێ بەتاڵ کرایە؟ باری تەعالا خۆی لۆ کێی بەتاڵ کردیە؟ لە بۆ ذاتی خۆی بە مەفهومی ربوبییەت، باشە ئەوە ئەو حالەتە بەس لە بۆ پێغەمبەریە صلی الله علیە وسلم؟ لە جەواب لە قوڕئان، قوڕئان جەوابمان دەداتەوە دەڵێ نەخێر، هەموو کەون لەو حاجە و ئیحتیاجەی دایە، لە عەینی وەقتیش ئیستیعدادیشی هەیە لە بۆ تەلەقی و ئەخذ، هەموو کەون لەو حالەتەی دایە، هەموو بەو دەرەجەیە و بەو نەوعەی بەوکەممەی موحتاجی ئەو ربوبییەتەی (رب العالمین)ە، لۆیێ قوڕئان زیاتر ضەوئی دایتە بوعدی ربوبی نەك بوعدی ئولوهی، قوڕئان زیاتر تەئکید دەکا لە سەر بوعدی ربوبی، رەبانیەتی باری تەعالا نەك ئلوهییەتی باری تەعالا، ئەوەی کە موعاینە لە قوڕئان، ئەوەی زیاتر فاحصی قوڕئانە، ئائەو بوعدە باری تەعالا دەیەوێ ئیجاد کا لە ذاتی ئینسان، ئەوجە پاشان لە سەوەی بینا بکا ئەسماء و صیفاتیتکە حاکمییەت و ئلوهییەت وجەبارییەت و ئینتیقامییەت و عەضەمەت و ئا ئەوانە پاشی وی لە سەر مەفهومی زەمینەی ربوبییەت دروست دەکا.

لە عەینی وەقت قوڕئان موشکیلەی بەشەر طەڕح دەکا کە لە مەفهومی ربوبییەت تووشی ئیشکال بووینە، ئومەمی سابقین لە مەفهومی ربوبییەت توشی ئیشکال بووینە، مەفهومی عبودییەتیان ئیجاد نەکردیە لە ذاتی خۆیان ضوعفیان لە بوعدی ربوبییەت بووە، نەك ئلوهییەت و حاکمییەت و تەطبیقی ریسالەت، هەتا ئەو ربوبییەتە نەبی ئەو ئیعدادە داخیلییە نەبی وەکو محمد هیچ ئینسانەك ناتانی قانونەکەی تەطبیق بکا، زۆر جار ئەو میثالەی ئیعادە دەکەینەوە ئەمن سەیارەم پێیە لەو ترەفیك لایتە ڕادەوەستم، سی سانیە هەتا گڵۆپی سۆر دەکوژێ و گڵۆپی کەسك پێ دەبی، مولتەزیمم بە قانونی مروڕ راوەستایمە لە ناو سەیارەی پێ لە بەنزین نانێم دەرچم، ئەمما بەس لە ناو داخیلی خۆم کوڕهی ئەو گڵۆپەی بکەم چونکی ئەوسی سانیە تاخیری کردیمە ئائەوە لە داخیلی مەفهومی ئیسلامی کوفرە، ئەمن بێم قانونەکەی تەطبیق بکەم، بێم نوێژ بکەم، بێم حەج بکەم، بێم زەکات بدەم، بێم حەڕام بکەم بە حەڕام، حەلال بکەم بەحەلال، ئەمما بەس لە ناو داخیلی خۆم نەك بەس حیادییەت، نەك کورهـ، حیادییەتیش نەبی، حوب نەبی، کوفرە لە داخیل، بە چ دروست دەبی ئەو حالەتە حوبییە لە بۆ تەطبیق و لە بۆ ئیعداد بە مەفهومی ربوبییەت، ئائەوەیە باری تەعالا موناقەشەی دەکا لە قوڕئان لەگەر ئومەم، لۆیێ حەتا سورەتی فاتیحە دەست پێ دەکا (الحمد لله رب ال) الله صیفەی ذاتە، (الحمد لله رب

العالمين) (الفاتحة ٢)، لۆیێ ئەمە ڕۆژێ حەڤدە جارئەقەلەن ئەوەی تیکرار دەکەینەوە، ئەصڵی قەضییە مەفهومی ربوبییەتە.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیعداد دەکرێ لەبۆ ئەو مستەوایە (اقرأ باسم ربك....) (العلق١)، چ صیفەتی موباشیر و موفاتەحەیە لەگەر پێغەمبەری؟ (...الذي خلق) (العلق١)، کەلیمەی خەلق لە مێشکی دروست بوو، خەلەق، هەر خەلقەك دەبی خالیقی هەبی، هەر جیهازەك دەبی مەعمەلی هەبی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چل ساڵە لە گەر ئائەو ماددەیە طەبیعی تەعامول دەکا، ئەوە بەردە، ئەوە خورمایە، ئەو ئەشکەفتە، ئەوە ئینسانە، ئەو حەیوانە حوشتر، ئەوها تەعامول دەکا وەکی مە، ئەمما کە بووە نەبی دەبی تەعامولەکەی بگۆڕێ، بە چ؟ ئائەو ئەشکەفتە خودا دروستی کردیە لە ناو ئەو چیایەی، ئەو دار خورمایە الله دروستی کردیە، یەعنی الخالق، باشە باری تەعالا هەر ئەوها بە گۆترە خەلقی کردیە؟ باری تەعالا خۆی لۆخۆی قانونی دانەنایە لە بۆ صیفەی خەلقی خۆی؟ قورئان جەواب دەداتەوە دەلێ بەڵێ، بەسێ مەرحەلە داچووە ئەو خەلقەش، لە هەموو قورئان کە باری تەعالا بەحثی خەلق دەکا، بەو مەراحیلانەی دابردیە الخالق الباريء المصور، بەو سێ صیفەتە نیهایەتی خەلق دێ الخالق الباريء المصور.

دەبی موسبەقەن محمد لە مەفهومی کەلیمەی خەلق گەیشتبی (...الذي خلق) (العلق١)، مەفهومی خەلق یەعنی تەقدیر، مەفهومی خەلق یەعنی تەقدیر، جوللی لە سەدا هەشتای مەعنای کەلیمەی خەلق یەعنی تەقدیر کردنە، مەقصەدمان چییە لەو کەلیمەی تەقدیر؟ یەعنی خەریتە دانان، باری تەعالا لە کەلیمەی خەلق خەریتە دادەنێ، مەثەلەن دەیەوێ دار زەیتون ئەوها خەلق کا، موسبەقەن خەریتە لەبۆ دارەکەی دادەنێ، پەلکی دەبی ئەو هابی، ثەمەرەی دەبی ئەوهابی، قەدی دەبی ئەو هابی، ڕەگی ئەو هابی، ئەوەندە مەترە بچتە ناو عومق، ئەوە هەمووی مەفهومی خەلقە، لەعالەم عالەمی عەدەم نەهاتتە وجود، پاشان یەکسەر تەبریئەی دەکا الباريء، یەکسەر ماددە خەلق دەکا وفقی ئەو خەریتەیەی، پەلکی زەیتونی لەگەر پەلکی پرتەقاری فەرقی هەبی، لە گەر پەلکی هەنجیری فەرقی هەبی، ماددەی ئەووەلی پەلکی زەیتون دروست دەکا، ماددەی ئەووەلی پەلکی پرتەقال دروست دەکا، ماددەی ئەووەلی پەلکی هەنجیر دروست دەکا، ماددەی ئەووەلی ئینسان دروست دەکا، ماددەی ئەووەلی جن دروست دەکا، ماددەی ئەووەلی کورەی ئەرز دروست دەکا، ماددەی ئەووەلی ڕۆژ دروست دەکا، ئەوە پاشی خەریتە دانان، ڕۆژ دەبی ئەو هابی شکلی، بەو نەوعەی بی ئەوە خەریتە دانانەکە ئەوە خەلقە، پاشان کە دەیهینتە وجود ئەوە تەبریئەیە، بەو شکلە دەیهینتە وجود ئەوە

تەصویرەکەیە، کە مادده ئەوەلییەکەی دروست کرد، وفقی خەلقەکەی وفقی تەقدیرەکەی وفقی رەسمەکەی تەصویری دەکا، ئائەوە موصەویرە، الخالق الباريء المصوير.

(اقرأ باسم ربك الذي خلق) (العلق١) یەعنی هەرسێ صیفەتی تێدا موجوده الخالق الباريء المصوير، هەتا ئێستا محمد پێشی نبووەت تەعامول دەکا لەگەر ئەو بەردەی ئەو بەرده جەمادە، ئەوە بلۆکە، ئەوە ئاسنە، ئەوە دارە، بەو نەوعەی تەعامول دەکا، ئێستا لەمەو پاش نەخێر صیفەتی خەلقی یەعنی الله من فوق دێ بەعینایيەتی خۆی بەڕوبییەتی خۆی تەدەخول دەکا لە بۆ ئائەو نەباتەی، ئەو نەباتە ئەو خەلقی کردیە مەقطوع نییە، یەعنی نەضەریمە ئێستا وەکو نەضەری پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم پێشی نبووەت، تەمەشا دەکەن ئائەوە نەباتە، ئەوە جەمادده، ئەو چیایە، ئەو رۆژە، بەونەوعەی بووە، پێغەمبەریش صلی الله علیە وسلم ئەوهابووە، بەو نەوعەی تەماشای ئەو کائیناتەی کردییە ئەو مەخلوقاتانە بەونەوعە تەمەشای کردییە، پاشان کە هاتیە بوویتە نەبی ئێستا دەبی صیغەی نەضرەی موختەلیف بی، ئائەو بەرده جەماد نییە، ئەو بەرده حەیاتی هەیە، لۆ؟ کە مەخلوقە، کە تەبریئە کرایە، کە تەصویر کرایە لە بۆ هەدەفەك موعەییەن ئەویش عیبادەتی خوای بکا، عیبادەتی ئەو بەردەی تەسبیحاتە سەجدە بردنە لە بۆ خوای، هەتا ئێستا محمد ئەو بەردەی بە جەماد دەدیت، ئێستا لە مەوپاش نەخێر ئەو بەرده جوزئەکە لە مەعبودینی سەرکەون.

ذەرراتی ئەو بەردەی ئەلیکترۆناتی هەیە، ئەلیکترۆنات دەسوڕێن بەصیغەك موعەییەن بە ئیتیجاهەك موعەییەن، ئەو ئەلیکترۆنە بە دەوری ئەو پڕۆتۆنەی دەسوڕێن نەفسی سوڕانی حاجییە بە دەوری کەعبە، ئیذەن ئەو پڕۆتۆنە کە ئەلیکترۆناتی بەدەوردا دەسوڕێ هەمووی تەسبیحات و عیبادەت و سەجدە دەکا، لە بۆ کێ؟ لە بۆ خالیقی خۆی، کەخەلقی کردیە، کە تەبریئەی کردیە، کە تەصویڕی کردیە، لێرەڕا محمد صلی الله علیە وسلم عیلاقەی لەگەر بەردەکەی موختەلیفە هەتا ئێستا، لەمەوپاش کە تەمەشای بەردەکەی دەکا ئەو بەرده عەبدە نەك بەرده جەمادە، ئەو دارخورمایە عەبدە تەسبێحات دەکا، وفقی خەریتەی خۆی کە باری تەعالا لە بۆی دانایە، ئەو چیایە عەبدە تەسبیحات دەکا و سەجدە دەکا، هەتا ئێستا دەیگۆ ئەوە جوزئەکە لەو طەبیعەتەی کیانی خاصی خۆی هەیە، فەراغەکی گرتیە لەو وجودەی دەوری خۆی ئەدا دەکا لە کەون، ئەمما ئێستا نەخێر وفقی خەریتەکی موعەییەن رەسم کرایە خەلق کرایە، باری تەعالا خالیق بووە لە بۆی، تەبریئەی کردیە، پاشان تەصویڕی کردیە، ئەو بەرده ئەوها دەرچووە. چیای ئوحد دەرچووە، چیای سەفین ئەوها دروست بووە، وفقی خەریتەك

موعەییەن باری تەعالا خۆی عالیمە، ئیذەن محمد لە مەوپاش دەبی وفقی ئەو خەریتەیەی تەعامول بکا لەگەر ئەو چیایەی، لەگەر ئەو بەردەی.

صیفەتی نبووەتی (محمد)ی ئەوە بووە، ئیعداد کرایە رەفع کرایە لە بۆ ئەو مستەوایەی بتانی لەگەر مەفهومی نبووەت لوغە دروست بکا لەگەر ئەو بەردەی لەگەر ئەو طەبیعەتەی، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی لە بوخاری و لە موسلیم دەفەرمی پاشی ئەوەی کە جبریل وەحی لۆهینام عیلاقەم لەگەر وجود تەغیر بوو، ئێستاش بەردەکەی پێدەزانم خۆی بەحث دەکا، لە تاریخی خۆی بەحث دەکا، دەرێ ئێستاش بەردەکەی پێدەزانم لە مەککە کە بەکنی دادەچووم سەلامی لێدەکردم السلام علیك یا رسول الله، جارێ خۆی نەبیشە، بەردەکە سەلامی لێ دەکا، یەعنی چ؟ یەعنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گەیشتتە ئەو مستەوایەی لوغەتی تەعەببودی ماددەش هەضم بکا، ئیحساسی پێ بکا، (...ولـكن لا تفقهون تسبيحهم...) (الإسراء٤٤) ئەوە مستەوایەکە مەرحەلەکە لە ئیمان، ئەو مستەوایە رەفع دەکرێ لە بۆ مستەوای فەوقی (...لا تفقهون تسبيحهم...) (الإسراء٤٤)، تعلمون تسبحهم، تفهمون تسبحهم دروست بی، ئەویش بە چ؟ بە ئیمان، بە تەرەفوعی مەراتبی ئیمانی، محمد صلی الله علیه وسلم کە گەیشتە مستەوای نبووەت، ئێستا ئائەو لوغەیە بەینی جەماد، بەینی حەیوان، بەینی نەبات، بەینی کەون، هەمووی ئیحساس پێ دەکا، لۆیێ بەحثی تاریخی خۆی دەکا دەرێ بەکن ئەو بەردەی دادەچووم پێمی دەگۆ السلام علیك یارسول الله، خۆی عیلمەن ئائەو سەلامەش لەو بەردەی ئیعداد بووە لە بۆ مستەوای ریسالەت، خۆی لە فەترەی نبووەتە.

چی وەی لێ کرد؟ إقرأ، کەلیمەی إقرأ نەك بخینە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی ئوممی بوو، کان لایعلم قیراءة ولاکتابة، مەفهومی کەلیمەی إقرأ یەعنی عاین، یەعنی تمعا، یەعنی تعمق بەقوڵدا برۆ، بە چ؟ بكل ماموجود في محيطك من مخلوقات، یەعنی هەتا ئێستا تەمەشای ئەو پەلکەی دەکرد، پەلکی پرتەقال، کەسکەکەی کلۆرۆفیلە، کون کونە، رۆژ دەردەچی لێی دەدا تەرکیب ضەوئی دروست دەبی بە واسطەی وەرگرتنی ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدکاربۆندان، ئەوە هەمووی ڕوئیەی کوفریە، هەموو روئیەی ماددیە، لە مەوپاش محمد صلی الله علیه وسلم کە دێ تەماشای ئەو پەلکەی دەکا دەرێ ئەو پەلکە جوزئەکە لە مەعبوداتی ئەو وجودەی ئەوها تەمشای دەکرد، ئێستا نا لە مەوپاش ئەوها تەماشا ناکا، تەمەشا دەکا ئائەو پەلکە جوزئەکە لە مەعبوداتی ئەو وجودەی، ئەو بەردە بەرد هەر دەگری ئەویش مەخلوقە وفقی ئائەو تەصمیمەی کە خودا دەیەوێ، وفقی خەریطەی موعەییەن، پاشان وەکو ماددەك ئەووەلی دەیهینتە وجود، پاشان خودا ویستی شکلی ئەو بەردەی ئەو

هابی ئەوهای لێ کردییە، ئیذەن ئائەو بەردە کە ئەلیکترۆناتی تێدایە، کە پرۆتۆناتی لە ناوە، ئەلیکترۆنات بەو نەوعەی دەسوڕێ، بەشکلەك ئیتیجاهەك موعەیيەن، عەکسی شکلی سوڕانی دەقیقە ژمێری سەعات، بەعەکسی سەعات دەسورێ، ئیذەن ئەو ها دەسوڕێ، ئەو سورانەش نەفسی سوڕانی هەموو کەونە بە دەوری خۆی، نەفسی سوڕانی مانگە بەدەوری عارد، نەفسی سوڕانی عاردە بە دەوری رۆژ، نەفسی سوڕانی رۆژە لە ناو فەلەك، هەمووی بەیەك ئیتیجاهـ دەسوڕێ، ئیذەن هەمووی کوتلەك عەبدن، هەموو کوتلەك عیبادەتی خوای دەکەن، هەمووی کوتلەك تەسبیحات دەکەن، هەمووی یەك کوتلە موومەحەد سەجدە لۆ خوای دەبەن.

محمد لە مەوپاش ئەو ها تەمەشای کەون دەکا، ئەوها تەمەشای مەخلوقات دەکا، (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (العلق١) بەو حالەتەی دروست دەبی، ئەوە مەفهومی ربوبییەتی ئیطلاق بەنیسبەت هەموو کەون، وە بالذات بەنیسبەت (محمد)ی صلی الله علیه وسلم، پاشان چی پێ دەفەرمی: (اقرأ باسم ربك الذي خلق{١} خلق الإنسان من علق{٢}) (علق) کەون مەقصود نییە، کەون هەمووی موستەسلیمە، هەمووی مەعبودە، کەون هەمووی عابدە لە بۆ مەعبود، هەمووی عیبادەت دەکا، هەمووی لە سەجدە دایە، هەموو لە تەسبیحات دایە، کەون هەمووی، کێ مەقصودە؟ موستەهدەفە؟ الإنسان، (خلق الإنسان من علق) جارێ (اقرأ باسم ربك الذي خلق) بالإطلاق، پاشان یەکسەر تەخصیض دەکا، (خلق الإنسان من علق) أیها الإنسان ئەتو مەقصودی، بە چ؟ بە عیبادەت کردن، هەمووی عیبادەت دەکا، کوشن هەمووی عیبادەت دەکا، بەس ئەتوو مای.

ئیذەن هەدەفی ریسالەت هەدەفی ریسالاتی سەماوی ئینسانەکەیە، ذاتی ئینسانەکەیە، (خلق الإنسان) ئیذەن ئینسانیشی کو خەلق کردیە؟ بە ذاتی ئینسانیش، خۆی ئینسان جوزئەك بوو لەو کەونەی، یەعنی کەونی خەلق کرد باری تەعالا وفقی ئائەو خەرائیطانە، وفقی خەلق و تەبریئە و تەصویر، ئینسانیش هەر وەکی وانە غێر، خەلقی کرد، تەبریئەی کرد و تەصویری کرد، باشە لۆ ئینسان لێرە فەصڵ دەکا لە کەون؟ (اقرأ باسم ربك الذي خلق) هەموو کەون بخینە پاشان (خلق الإنسان من علق)، لۆ؟ چونکی ئینسان تەخصیص دەکا، کە هەمووی عابیدن لێرە، هەموو عیبادەتی خوای دەکەن، بەس ئینسانە کە دەمینێ، لۆ چونکی حوڕە، موخەیيەڕە ئینسانەکە، ئیذەن باری تەعالا ئیحتیرام و تەقدیری ئەو حوڕییەتەو ئەو ئائەو ئیختیارییەتەی دەگری، دێ ریسالەی لە بۆ دەنێری، جەبرەن وەکو رۆژ، جەبرەن وەکو عارد، جەبرەن وەکو ئەلیکترۆن و پرۆتۆنی لێ نەکردیە ئیلا دەبی ئەو هابی ئەتوو، ریسالەی خۆی ئەدادەکا ضمنەن و دەڕوا خوا حافیزی دەکا، جەننەتیشی لە بۆ نییە،

ئەمما ئینسان نەء ئەوە مەقصود بوو، ئەوە موستەهدەف بوو، ئەوە غايە، ئەوە غايەی کێ؟ باری تەعالا، لەو هەموو وجودەی ئەوئینسانەی ئیختیار دەکا، (خلق الإنسان من علق) (اقرأ باسم ربك الذي خلق{١} خلق الإنسان من علق{٢}) (علق) ئائەوە ئیعلامی یەکەم بووە.

سەفیر یەکەمین جاربێتە خواری ئیعلامی سەفیری سەر عارد بکا، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەو حالەتەی وەرگرت، سێ ساڵی رەبەق لەو فەترەی دادەبی، هەرشتەك لەو کەونەی لەو وجودەی لەو بیئەیەی کە دەوروبەریتی دەیبینی قەطعی دەکا لە مێشکی خۆی تەحلیلی دەکا، خەلقیەتی ئائەو قیطعەیەی کووە؟ ئەو مەقطەعە لەو کەونەی لەو وجودەی لەو بیئەیەی کو خلق کرایە؟ وەلۆ خەلق کرایە؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەو موعاناتەی دادەژی، سەبر سەبر لە گچکەترین ذەڕە هەتا گەورەترین موعەقەدترین کائین ئەویش کە بەشەرە، إقرأ، (خلق الإنسان من علق) تەهدیفی دەکا لە بۆی، لەبۆی تەشخیص دەکا لە بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئائەوەی بخینە.

جالیاتی یەهودی لە مەککە باری تەعالا هەر لۆ هەندێی خەلقی کردینە؟ نموذەج وەگرە لێیان باری تەعالا هەر لۆوەی خەلق کردینە کەفیتەن و مەشاکیل دروست بکەن؟ کەسەیطەرات دروست بکەن؟ کە دەعارە دروست بکەن، کە سەیطەرە بکەن لە سەر ئیقتیصادییات و ئیجتیماعییات و ئەخلاقی موجتەمەع؟ لۆوەی خەلقی کردینە؟ محمد دیڕاسەی جالیەی یەهودی بکە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دێ دیڕاسە دەکا، (خلق الإنسان من علق) لهذا خلق؟ لە جەواب وەردەگری نەخێر، وما خلق الجن والإنس إلا ليعبدون ئا ئەوە عیبادەتەکەیە؟ لە جەواب وەردەگری نەخێر، وەرە دیراسەی جالیەی مەسیحی بکە لە ناو مەککە، نەماذیجی لێ وەگرە، عابیدەکانیان، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەردەگری تەمەشا دیڕاسە دەکا نەخێر ئەویش ریسالییەت و هەدەفییەت لە ناو وجودی دانییە، لە ناو کیانی دانییە، ئیذەن ئەوانە هەمووی فی لێ دەدرێ، ماعەدای کەون دیراسەی کەون دیڕاسەی ئینسان بکە، ئەوجە تەمەشا بکە بزانە فیعلەن باری تەعالا ئەو کەونەی ئەو مەخلوقاتەی وبالذات ئینسان بەجێی دێلی و ئیهمال دەکا؟ کە خەلقی کرد تەرکی دەکا؟ عیلاقاتی لەگەر قەطع دەکا؟ یاخود فیعلەن ئا ئەوەندە لەطیفە، ئا ئەوەندە رەحیمە، ئائەوەندە رەببەکی موطڵەقە، دێ دیسان ئیتیصالی پێ دەکا؟ ئەگەر هات وئینحیرافیشی کرد سەبر سەبر تەعدیلی دەکا لە بۆ خەطی مەساری صحیح، ئائەوانە هەمووی دیڕاسە بووینە لە بۆ محمد.

(اقرأ باسم ربك...) رب ناڕ الله له فەترەی نبووەت کەلیمەی الله ضەوئی له سەر نییه، ربوبییەته قەضییه، دەبی له داخیلی ئائەو ربوبییەته دروست ببی، ئەوجه پاشان ئیعتیراف به مەفاهیمی ئولوهییەت بکا، ئەوجه له سەر ئەو مەفاهیم و ئولوهییەته تەعەبودات دروست دەبی، ئەحکام دێته سەری تەطبیق دەکا، وەکی کابرای سائیق نابی له ناو سەیارەی له بۆ قانونی ضەوئی مروری سۆر و کەسك، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەو سێ ساڵه بەو نەوعه بەو تەسەلسولەدا چووه، خەلق، پاشان تەبریئه، پاشان تەصویر، له بەینی ئا ئەو سێ صیفەته صیفاتیتکەی باری تەعالا تەجەللی دەکا، ئەویش تەسویه، پاشان هیدایەت، باری تەعالا رۆژی خەلق کرد وفقی خەریطەك موعەییەن، تەبریئەشی کرد، ئەمری کردببه رۆژ بوو، بەو شکلەش ببه که ئێستا هەیه، کردی، رۆژی دروست کرد ئەمما رۆژ هەدەفی هەیه لەو خەلقەی، له عەینی وەقت به رۆژ دەرێ رۆژی ئەوەنده سی وحەفت کیلۆ غرامی خۆت ئەتوو له ماددەی خۆی تەحویل دەکەی له بۆ طاقه، ماددەی رۆژ خۆر سی و حەفت کیلۆ غرام له ماددەی خۆت هەموو رۆژ هەموو بیست و چار سعات ئەتوو تەحویل دەکەی له بۆ طاقه، رۆژیش ئائەوەی قبول کرد، ئەو ئەمره رەببانییه له بۆ خۆر رۆژ تەحویلی سی و حەفت کیلۆ وەزنی کەممی خۆی له بۆ طاقه، هیدایەت دانیتی له بۆ هەدەفی خۆی، لۆوەی فیعلەن رۆژ ریسالەی خۆی ئەدا بکا، ئائەو ئەمر پێ کردنەی باری تەعالا به رۆژ، وه رۆژ تەطبیق کردنی ئەو ئەمرەی عیبادەتی خوای دەکا و موستەسلیمه له بۆی.

نەفسی شت بێینه سەر دار خورما، لۆیێ دار خورما زۆر دەینین چونکی طەبیعەتی بیئەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئەو دارەی زۆرتێدا مەوجود بووه، دارخورما برندایی ئەوەنده مەتره بی، پەلکی ئەبەونەعەی بی، ثەمەرەی بەلێکدانی تەلقیحاتی نێر له بۆ مێ ئەوجا خورمایەکه بێته وجود، ئەمر کردنی باری تەعالا له بۆ ئەو هەموو تەحویله ماددیه له بۆ ئینتاج هیدایەتی خورمایه نەفسی شت باری تەعالا ئەو حالەتەی تەحویل دەکا له پێغەمەبەری صلی الله علیه وسلم له بۆ ئینسان، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتیه دیراسەی ئینسانی کردیه به خەلق (اقرأ باسم ربك الذي خلق{١} خلق الإنسان من علق{٢}) (العلق)، هاتیه تەمەشای برۆی چاوی ئینسانی کردیه، شکلی برۆی ئەو هایه، خەلقی کرد باری تەعالا، تەبریئەی کرد، تەصویری کرد، دەبی ئەوهابی له سەر چاوی، بەو نەوعەیبی، باشه ئەگەر هات و هیدایيەتی نەدا، موستەمریش هەموو لەحەضاتیش ئائەو برۆیه خەریتەی خۆی تێك دەدا، موحتەمەله بەعەکسەوه دەرچی، ئیذەن ریعایەك رەبانی هیدایەتەك رەبانی

موطڵەق هەیە لە بۆ ئەو برۆیەی بەجێی ناهێلی، هەموو لە لەحضەك باری تەعالا ئائەو برۆیەی ریعاییەت دەکا، هیداییەت دەدا، هەموو لەحضەك هەموو وەقتەك بیست و چار سەعات.

ئیذەن باری تەعالا بیست و چار سعات لەگەر مەخلوقاتیتی، بە هەموو جەماد بە هەموو نەبات بە هەموو حەیوان بە هەموو ئینسان هەموو لە حضەك باری تەعالا لەگەر هیداییەتی ئائەو مەخالیقەیتی، مەثەلەن ئەو برژانگە ئی پێروی خوارێ چاومان ئیتیجاهی لە بۆ خوارییە، ئی سەرێش ئیتیجاهی لە بۆ سەرێیە، ئەو برژانگە قلەکی بەربوو لە جێی وی یەکەکیتکە دەردەچی، باری تەعالا دروستی دەکا، خەلقی دەکا، تەبریئەی دەکا، تەصویری دەکا، پاشان هیداییەتی دەدا، بەچ جیهەك هیداییەتی دەدا؟ رووی برژانگەکەی لە بۆ خوارێ بی ئەگەرئی خوارێ بی، ئەگەر ئەو دەنکەی بەربووبی ئی سەرێ بی هیداییەتی دەدا لە بۆ سەرێ، ئەگەر باری تەعالا هیداییەتی نەدا، خەلقی کرد تەبریئەی کرد تەصویرێشی کرد موحتەمەلە تێکەر ببی، ئی سەرێ رووی لۆ خوارێبی ئی خوارێش رووی لۆ سەرێبی ئەو وەختی دەبی بە دەستی خۆمان چاومان بتەکێنین، تەصەڕوفی چاو دەبی بە دەستمان بیکەین.

ئیذەن هەموو وەقتەك باری تەعالا لە ناو داخیلی کیانمان بە هیدایەت بە ریعاییەت بە لوطف موهەیمینە، هەموو لەحضەك، ئەو عەمەلیات کیماوییەی عەمەلییاتی کیمیاوی لە ناو مەعیدەی ئینسان دەکرێ، ئەگەر باری تەعالا دیسان هیداییەتی ئائەو عەمەلییاتە نەدا، نەتائیجی نیهائی وفقی ئائەو خەریتەی کە باری تەعالا دابنایە پێشی وی بە خەلق و بە تەبریئە و بە تەصویر بە موهەیمینی ئەو عەمەلییاتانە نەکرێ، یەك لەو عەمەلییات کە بەملیۆن عەمەلییاتە یەکەکیان موحتەمەلە سموم دروست بکا لە ناو داخیلی ئینسان، ئەو ئینسانە بفەوتێ و بمری.

لە خەلایەی جسمی بە شەری ئینسان تەرکیبەك هەیە پێی دەگوتری مایتۆکۆندریا، مایتۆکۆندریا بەس ئەوەندەی لێ کەشف بووە هەتا ئێستا طاقەکی تەدمیرییە بەس ئەوەندە، وەکو تیزابە، پەردەکی خەفیفی بە دەوردا هەیە، بەس ئەو پەردەیە بتەقی ئینسان دەتاوێ و هیچ وجودی نامینێ دەبتە عەدەم، هەموو خەلییەکیش ئەو مایتۆکۆندرایەی تێدایە، ئەوەی کە لە علومی حەیات علمی بایلۆجی دەزانن ئاگادارن لەو مەوضوعەی، هەتا ئێستا عولەما نازانن ئەوە لۆ دروست بووە، لۆخەلق بووە، نازانن هەویەی چییە ئەو کابرایە، ئەو مایتۆکۆندریایە، بە پەردەکی لە هەموو پەردەکان خەفیف تریش ئیحاطە کرایە، بەس پەردەکە هەربستی ئینسان هەمووی دەبتە عەدەم، دەتاوێ، هەموو خەلییەکیش ئەو

مایتۆکۆندریایەی تێدایە، باشە کێ ریعایەتی ئەو پەردەیەی دەکا؟ کێ هیدایەتی ئەو پەردەیەی دایە؟ وەناشهێڵی ئەو پەردەیە بتەقی؟ ئیذن الله ئا ئەو هەموو موصطەڵەحانە خەلق و تەبریئە و تەصویر و ریعایە و هیدایەت و تەسوییە و هەیمەنە هەمووی لە موصطەڵەحی کەلیمەی ربوبیەت جەمع دەبی.
لۆیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لە ناو مەفهومی کەلیمەی ربوبیەت ژیایە بە موجەسەمی، لە ناوی بووە بە موجەسمی، هەموو لە حضەك ئیحساسی پێی کردیە، ئائەوە بووە باری تەعالا سەبر سەبر لە حەددی ئەدنای ئیمان برندی کردیە دەی دەی دەی هەتا گەیشتە مستەوای ئەوەی فیعلەن ئیستیعدادی تەقەبول و ئیمتیصاصی مەفهومی کەلیمەی ریسالەش ببی، ئائەوەیە قانونییەتی وەرگرتنی ئیمان بەنسبەت پێغەمبەری صلی الله علیە وسلم.

هەر لەو فەترەیەش حەیاتی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم طەبعەن ئەمری پێنە کرایە ئیمانی داعیبی لە بۆ ئیمان لە بۆ ئیسلام، ئەمما جەمعەك لە موئمینین ئیمانی پێ دەینن، جەمعەك لە صەحابە ئیمانی پێ دەینن یەك لەوانە خەدیجە، بە قەناعەتی خۆم خەدیجە پێش ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ببتە موئمین ئەو بوویتە موئمینە، پێشی پێغەمبەری خەدیجە ئیمانی بە پێغەمبەر هینایە، پێشی ئەوەی پێغەمبەر خۆی ئیمان بە خۆی بینی خەدیجە ئیمانی پێ هینایە، ئەمما پاشان زەید پاشان ئەبوبەکر، ئەوجە ئەبوبەکر بەس ئەوەندە نەقلی خەبەری نبووەتی (محمد)ی کردیە لە بۆ غەیر، لە بۆ عثمان بن عفان لە بۆ طەڵحە لە بۆ زوبەیر لە بۆ سەعد بەس لە بۆ وان خەبەری نبووەتی نەقل کردیە، ئەوان ئیمانیان بە پێغەمبەری هینایە، یەعنی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم جارێ نەبی بووە نەبوویتە رەسول، ئائەو جەمعە لە فەترەی نبووەتی (محمد)ی صلی الله علیە وسلم ئیمانیان پێ هینایە فەترەی بیدایەت، لۆیێ ئیمانی وان ئیمانی وان موختەلیفە لەگەر حەتتا ئیمانی صەحابەیتکە.

لۆیە باری تەعالا کە بەحثی صەحابە دەکا، حەتا مەککیین لە بیداییەتی مەرحەلە بەحثی سابیقین دەکا، سبقوا بالإیمان، لە چەندجێ هەتا بە حثی ئەنصار دەکا، ئەوانەی کە لە مەککە ئیمانیان بە پێغەمبەری هینایە، یەعنی لە ناو ئیمانی صەحابەش طەبەقات هەیە، نەوعییات هەیە، ئەوەی لە فەترەی نبووەت ئیمانی پێ هینایە، ئەوەی پاشان لە فەترەی ریسالەت بەدئی ریسالەت، ئەوەی پاشان لە ئەثنای پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە ئیعلانی کردیە، هیجرەتی کردییە، کە ئیخراج کرایە لە بۆ مەدینە، لە مەدینە پاشان ئا ئاوەی جیلی یەکەم لە ناو مەککە کە مەدینەیی بووینە ئیمان، هەمووی مەراحیلی ئیمان لە ناو قورئان باری تەعالا بەحثیان دەکا هەریەکەك مستەوایەکی هەیە لەو ئیمانانە.

مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەقیمی ئیمانی ئەبوبەکر دەکا لە حەدیث دەفەرمی: (لو وزنت إیمان أبابکر بإیمان أمة) هەموویان (لرجحت). ئیذەن ئیمان حالەك بووە لە ناو داخیلیان، طەبعەن مەقصەد لە ئیمان هینانەکە فەترەی تەسلیم بوونە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەر ئەوەندە گۆتی ئەمن بوویمە پێغەمبەر نەبی ئەبوبەکر ئیمانی پێ هینایە، جارێ هەر ئەوەندە حالەی نەفسی قەلیقی خۆی بەحث دەکا لە بۆ خەدیجە خەدیجە گۆتیتی والله ئەتو پێغەمبەری ئەو ئوممەتەی، جارێ خۆی بە خۆی نازانی وەرەقە ئیمانی پێ دەینی ورقة بن نوفل، ئەوانەمان لە پێشتر بە حس کرد فەترەی دەرسی وەحی، ئیذەن ئیعدادی ئینسان ئیستیعدادی ئینسانی داخیلی لە بۆ ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەرحەلەی یەکەمە لە بۆ تەسلیم بوون، ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو ئینسانانەی تەحویل کردیە لە بۆ ئیمان، یەعنی بیدایەت خۆیان قەناعەتیان بە ذاتی محمد هەبووە کە ئەوە صادیقە، کل مایقول عن الله فهو صادق، هەرچ نەقل بکا صادیقە لە (الله)ی، ئیذەن ئەبوبەکر موستەسلیمە، خەدیجە موستەسلیمەیە، عوثمان موستەسلیمە لە بۆ محمد، کە محمد دەلێ الله خالیقە وە بەونەوعەش خالیقە، ئەوجە دێن ئەوان تەعامول لەگە (الله)ی دەکەن بەوصیغەیەی کە محمد قاعیدەیانی لە بۆ دادەنێ.

پێش ترێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی بە بوعدی بەشەری تەمەشای بە بوعدی ماددی تەمەشای پەلکی داری دەکرد، ئەمما ئێستا بوویتە نەبی نەضرەی (محمد)ی نەضرەی رەبانییە لە بۆ پەلکی دار، لە بۆ دار، لە بۆ ئەشکەفت، لە بۆ چیا، لە بۆ حوشتر، نەضرەی موختەلیفە ئێستا محمد، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەرێ ئەمن نەبیمە ئیمانی پێ دینن نەفسی نەضرە نەقل دەکا لە بۆ وانیش، نەفسی حالە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دایان دەنیشێنی، مەدرەسەیان لە بۆ دادەنێ، جەویان لە بۆ تەهیئە دەکا، هەتا مەدرەسەکە لە دووری مەککە بوو بە چەند کیلۆمەترەك، بەتەنێ بووینە شەو و رۆژ لەکنی بووینە، نەفسی حالەت بەنەفسی ئوسلوب و دەرس کە خۆی لۆ خۆی باری تەعالا عن طەریقی غێر عیلمی پێغەمبەری لە بۆی ئیعداد کردبوو، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالەتە نەقل دەکا لە بۆ ئائەو جەمعەی کە لە بیداییەت ئیمانیان پێهینایە، لۆیێش هەر ئەوانە بوونە نیبیرات، ئەوانە بوونە ئەساس لە بۆ حەلەقاتی دروست کردنی دەوائیری ئیمانی گەورە لە خۆیان گەورەتر، ئەبوبکر بووە داعی، عوثمان بووە داعی، طەڵحە و زوبێر بوونە داعی، سەعد بووە داعی، موصعەب بووە داعی، کەینێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە مەدرەسەی دروست کرد دارالأرقم لە خاریجی مەککە بەکیلۆمەترەك و قسور.

ئیذەن ئائەو صیغەیەی محمد صلی الله علیه سلم لە جبریلی وەرگرت مەفهومی نبووەت دەرسی ئیمانی یەکەمی تێدا بوو، بەو ئوسلوبەی نەقلی کرد لە بۆ ئەبوبەکر و جەمعی خۆی، بەو نەوعەی ئەوان ئیمانیان وەرگرت موستەسلیم بوون لە بۆ محمد بە قەطعی و کامیلی بەبێ هیچ تەرەدودەك، ئەو وەختی کە محمد مەفاهیمی نەقل دەکرد لە بۆیان یەکسەر وەریان دەگرت، شتیان لە سەر بینا دەکرد، ئەرضیەی ئیمانی لە سەروەی دروست بوو سەبر سەبر، ئەوجە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەفاهیم رەفعی دەکرد، لۆیێ ئەو فەترەی هەتا نزولی قورئانیش مەحدودە، ئەو فەترەیە نزولی قورئان مەحدودە، لۆ؟ دەبی خۆیان لەگەر خۆیان مەشغول بن، بە چ؟ بە هەموو ئایاتی کەونی. ئیذەن ((اقرأ باسم ربك الذي خلق) (العلق١) ماذا یقرأ؟ یقرأ في قرآن الکون، ئەو کەونە هەمووی قورئانە بەنیسبەت ئائەو جەمعە موئمینە ئێستا، یەك یەك شەریحە شەریحە وەری دەگرن لە بن میکرۆسکۆبی ئیمان دایدەنێن روئیەی رەبانی رەبانییەت بە رەبانییەت تەمەشای پەلك دەکەن، بە رەبانییەت تەمەشای بەردەکەی دەکەن، ئەو وەختی نەتائیجی ئیمانیان بەنیسبەت بەرد و پەلك دروست دەبی، ئیذەن روئیەیان بەنسبەت ئائەو حالەتە کەونییە موختەلیف دەبی، ئەو وەختی زەمەنی پێ دەوێ خۆیان لە بۆ خۆیان لەگەر خۆیان خەریك بن، وە پاشان هەرچی لەوکەونەی صووەر هەیە تەقطیعی کەن، نەماذیج هەیە تەقطیعی کەن، بیهاوێنە بن میکرۆسکۆب و تەمەشای کەن وفقی روئیەی رەبانی زەمەنی دەوێ

هەتا ئێستا تەمەشای ئەو حوشترەی دەکرد ئەوە کائینەکە مەخلوقەکە کائینەکە دروست کرایە نازانی لە بۆ چ دروست کرایە، خزمەتی ئەو بەشەرەی دەکا پاشان سبەی دوو سبەی دەمری، نازانی لە بۆ چ دروست کرایە، ئەمما ئێستا نەء، (أفلا ینظرون إلی الإبل کیف خلقت) (الغاشیة١٧)، باری تەعالا وەکی ئەوەی مێشکیان دەکاتەوە، دەبی سورەتی خەلقی ئیبل لە پێش چاویان بی، تەحەدییەك هەیە لە واقیعی خۆیان لە بۆ ئیبل، باری تەعالا تەصویر دەکا لە بۆیان بە مەفهومی خەلق ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئا ئەو حالەتە دەبی خۆی دیراسەی بکا، هەتا ئێستا ئیبل حەممال بوو ئەمتیعە و ئەشیاو غەراضیان لە جێیەك لە بۆ جێیەك پێی نەقل دەکرد، ئێستا نەخێر ئیبل خۆی عەبدە، ئیبل خۆی موسەبیحە، ئیبل خۆی ئوممەکە، وەکو (محمد)ی عیبادەتی خاصی خۆی هەیە، کە تەماشای کۆتری دەکرد، کە تەماشای تەیری دەکرد، تەقطیع دەکا دەینی دەینتە خوارێ، ئەوە هەمووی قانونی خۆی هەیە، ئەوەیە تەجمیعی مەفهومی ربوبییەت لە (محمد)ەوە لۆ ناو مێشکی صەحابە، لۆیێش ئایەتی قورئانی کەم هاتیە، لۆ ئایەتی قورئانی کلمات الله الشرعیة کەم هاتیە؟ لۆوەی صەحابە بە کلمات الله

الكونية مەشغول بن، بە چ؟ بە مەفهومی ربوبییەت، لۆیێ طابیعی کەلیمەی صنع الله لە هەموو شتەکیان دیتیە لە بیئەی خۆیان، لە جیاتی صونعی فلان جێ صنع الله صنع الله صنع الله صنع الله صنع الله لە مێشکیان دروست بووە، خلق الله، خلق الله، خلق الله دروست بووە، ئەو وەختی بەو صیفەتەی تەعامولیان لەگەر بیئە و وەسەطی کرد، خەلق خەلق خەلق رەبط دەبی بە خالیق، من هو الخالق؟ الله.

باشە کە خەلقی کرد بەجێی دێلی؟ کلا یسویە و یهدیە، ئیذەن هەموو وەقتەك ئەو خالیقە مەربوطە بنوع من أنواع صفاتە وأسمائە مەربوطە بەو مەخلوقاتانە، بە هیدايیەت بە هەیمەنە بەتەرەحوم بەئەسماء و صیفاتیتکە، ئیذەن باری تەعالا کە خالیقە، کە رەحیمە، کە موجیدە، کە قەدیرە، کە صیفاتیتکە هەموو لەحضە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیحساسی پێ دەکا، تێیدا دەژی، وە عەینی وەقتیش بەو شەفافییەتەی نەقل دەکا لە بۆ صەحابە، ئائەوە قانونی ئیمان هینان بووە ئی محمدی صلی الله علیه وسلم لە بۆ باری تەعالا. وە باری تەعالاش فەرموویتی: (لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة لمن كان...) (الأحزاب٢١) بەینە قەوسەین دەفەرمی (...يرجو الله واليوم...) نالێ آمن بالله، لمن يريد الإيمان بالله، دەفەرمی: (...لمن كان يرجو الله واليوم الآخر...).

صیغەی وەرگرتنی ئیمان دەبی وفقی وەرگرتنی صەحابە بی، یان ئەمە دەبی لەو ئیمانە لەو حالەتە بەلاهەتە کە ئێستا ئەمە خۆمان تێیدادەژین دەربچین، بیئە و طەبیعەت ئەحداث واقیع زەمەن زۆر تەراکوماتی لە سەر ئیمانی مەی دانایە، ئیمانی مە ئێستا ماددەی زۆر لە پیسی و چڵکی کەتتە سەرێ، ئیمانی مە ئێستا ئیمانەکی فیطرِیە وەکو ئیمانی یەهود و نەصارا وەکو ئیمانی قورەیش، (ولئن سألتهم من خلق السماوات والأرض ليقولن الله...) (لقمان٢٥)، کێ؟ محمد ئەگەر لە قورەیش بپرسی کێ ئاسمانی دروست کردیە رب سبع السموات؟ دەلێن الله، کێ ئەو بارانەی دەبارێنی؟ الله، کێ ئینسان دەمرێنی؟ الله، کێ دەیژیێنتەوە؟ الله، ئەمە و یەهود و نەصارا لە سەروەی موتەفیقین، باشە ئەوەیە ئیمان؟ لە قورئان دەفەرمی نەخێر، ئەوە ئیمانەك فیطرِیە، لەو مەرحەلەیەی ئینسان دەبی نەقل بی لە بۆ مەرحەلەکیتکە، لۆیێ باری تەعالا لە قورئان دەفەرمی: (يا أيها الذين آمنوا آمنوا...) (النساء١٣٦) (يا أيها الذين آمنوا آمنوا...)، ئیمان نەوعەکیتکەیە ماتۆرەکە موضەخەکە حەیەوییەتەکە حالەتەکە دەبی لە داخیلی ئینسان هەبی، کوللی کیانی ئەو ئینسانەی دەگۆڕی.

یەك لەوانە چاوی ئەو ئینسانەی، مەثەلەن ئەمە كە تەمەشای ئەو ئاسمانەی دەكەین ئایە پێغەمبەریش ئەوها تەمەشای دەكرد؟ صەحابە ئەوها تەمەشایان دەكرد؟ نەخێر، صەحابە ئەو ئاسمانەی ئەوها دەدیت؟ نەخێر، كو دەیان دیت؟ دەیان دیت پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم لۆیانی وەصف كردیە (...أطت السماء وحق لها أن تئط ما فیها موضع أربع أصابع إلا وملك واضع جبهته ساجدا لله...) (الترمذی)، تەمەشا كردنی مە لە بۆ ئاسمان تەماشاكردنەك فیزیاوییە عیلمی موجەڕەدە ئەوە، ئەو تەمەشاكردنە كوفرییە، صیفەتی خەلق و صیفەتی تەبریئە و صیفەتی تەصویر و صیفەتی هیدایەت و تەسویە (رب العالمین)مان لێ قەطع كردیە، لۆ؟ چونكی كوفر ئەوهای فێر كردینە، كوفر بەمەی گۆتییە ئەنگۆ چار پێنچ حەواستان هەیە، وفقی ئەو پێنجەی ئەنگۆ تەعامول دەكەن، ئیمانیش وفقی ئەو پێنچ حەواسەی ئەمە وەردەگرین، عیلمەن موحتەمەلە بە مەلایین حەواسمان هەبی، ئێستا لەگەر ئەو جەمعەی ئەمە جموعیتكەش هەیە حالییەن، ئیحساسی پێدەكەن ناكەن نازانم، ئێستا حالییەن لێرە جموعیتكە هەیە بە عەشەرات و مئات لەگەر مانن، ئەمن قسان دەكەم كو ئەنگۆ گێتان لێیە ئەوانیش ئەوها گێیان لێیە، ئەنگۆ بەس گێتان لەكنە منە ئەوان دەستیشیان هەیە و قەلەم دەنووسن، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم تانیتی ئائەو نەوعە چاوە لە چاوی ماددی بگۆڕی لە بۆ چاوەكی ئیمانی، لە سەمعی ماددی نەقل كا لە بۆ سەمعەك ئیمانی، لە لەمسی ماددی نەقل كا لە بۆ لەمسەك ئیمانی، ئەوە هەمووی كوفر لۆی دروست كردینە، ئەوەی هەمووی پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم ئیزاحەی كردیە بەنیسبەت ئەبوبەكر و بەنیسبەت عوثمان و طەڵحە و زوبەیر، بە چ؟ روئیەك ئیمانی، كو؟ بەحالەتی دیڕاسەی كەون، بە (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (العلق ١).

حەتا زەمەنی لە بۆ دانایە باری تەعالا، سورەتی دووەم كە دادەبەزی (قم اللیل) دیسان لە فەترەی نبووەتە، (قم اللیل إلا قلیلا) (المزمل٢)، لە بۆ چ هەستی لە بۆ لەیل؟ هەموو شەو هەستی لە بۆچ؟ لۆوەی فیعلەن بە رۆژ هەرچی صووەری وەرگرتیە لە مێشكی، لەو بیئە و لەو طەبیعەتەی هەمووی تەقطیع كا بینتە بن میكرۆسكۆبی ئیمانی تەصویری كا ئەو جارە سەر لە نوێ، سەر لە نوێ تەمەشای پەلك كا، سەر لە نوێ تەمەشای ئوحد بكا، سەر لە نوێ تەمەشای ثەور كا حیڕاء، سەر لە نوێ تەماشای ئەبوسفیان كا ئەبو لەهەب و بەیت، سەر لە نوێ تەمەشای ئەبو بەكر بكا، سەر لەنوێ تەمەشای خەدیجە بكا، ئەوجە سەر لە نوێ تەمەشای بەرد دەكا، سەر لە نوێ تەمەشای حەیوان دەكا، ئائەوە حالەتی پێغەمبەر بووە صلى الله علیه وسلم، ئا ئەو حالەتەشی نەقل كردیە، باشە زەمەنی پێدەوێ، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم خۆی لۆ خۆی زەمەنی پێدەوێ، ئیمانییەن ئیعداد بكرێ، پاشان

جوهدی پێدەوێ لە سەر خۆی صەڕفکا، جوهد و زەمەن لۆوەی خۆی بگاتە مستەوای ئیمانی مەطلوب کە باری تەعالا لێی دەوێ، باشە ئەو زەمەنە کەینێ بی؟ باری تەعالا ئەمری پێدەکا (قم اللیل إلا قلیلا) (المزمل٢)، هەموو شەو هەستە، شەو دوازدە سعات بی دوازدە سعات بی هەمووی هەستە مەنوو، باشە کێ لەیلی دروست کردیە؟ وجعل اللیل لباسا هەر الله دروستی نەکردیە؟

باری تەعالا لە بۆ محمد تەحەددی نەوعی دروست دەکا، لەگەر مەئلوفات تەحەددا بکە، نووستن لە طەبیعەتی بەشەرە دەرێ تەحددای ئەو نووستنەی بکە، نەوعیتکە دروست دەکا، باری تەعالا نووستنی لە بۆ هەموو بە شەر دانایە هەتا کافر، ئەمما موئمین نابی بنووی، (قم اللیل) تحدیا لە بۆ مەئلوفات، کل اللیل (إلا قلیلا) کە زۆر ئیحساست کرد زۆر ماندی بووی هیلاك بووی ئەوە دەکەوی خەو دەتبا ئەو وەختی درێژ دەبی، کەینێ؟ کەم (إلا قلیلا)، (قم اللیل) نالێ أکثر اللیل، (قم اللیل إلا قلیلا)، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم دیڕاسە دەکا، دەی دەی دەی ئیمانی برند دەبی برند دەبی صور تەقطیع دەکا، دیراسەی دەکا، داوێتە بن میکرۆسکۆباتی ئیمانی برند دەبی ئەو ئیمانە، وەی لێ دێ ئیمانەکە دەگاتە حەددەك پێی دەگووترێ نیصفە، ئیعداد کرا تەزوید کرا وەری گرت عیلاقەی لەگەر رب العالمین لە بۆی کەم دەکرێتەوە ئەو وەختە، (إلا قلیلا) پاشان دەفەرمی: (نصفه أو انقص منه قلیلا{٣} أو زد علیه ورتل القرآن ترتیلا{٤}) (المزمل).

کەلیمەی قوڕئان لێرە نەك کەلیماتی قوڕئانی مەکتوبە ئائەوی ئێستا ئەمە دەیخینین نەء کەون، قوڕئان یەعنی قیرائەتی کەون، ئەو جە پاشان (إنا سنلقي...) (المزمل٥) موستەقبەلەن سنلقي سین سینی ئیستقبالە (...علیك قولا ثقیلا) (المزمل٥) ئەوە مەقصەدی قوڕئانەکەیە، ئا ئەو قوڕئانە وەحییەی کە پاشان لە بۆ پێغەمبەرصلى الله علیه وسلم دێتەخوارێ، ئیذەن پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم خۆی پێویستی بەزەمەنە زەمەنی ئیعداد، چەند بوو ئەو زەمەنە؟ سێ سالّ، سێ سالّی رەبەق پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم هەموو شەو هەستایە، باشە بەس خۆی هەستایە نەخێر مەدرەسەی دانایە لە دار الأرقم کیلۆمەترەك دوورە، هەموو وەقتەك لەگەر وانە، لۆیێ باری تەعالا ئیشارەت دەدا هەر لە سورەتی موزەمیل (...وطائفة من الذین معك...) (المزمل٢٠)، لەگەر پێغەمبەری نییە ئەوە، لەگەر کێیتی؟ لەگەر ئەو صەحابانەیە کە ئەو دەپازدە نەفەرەی کە ئیمانی پێ هینایە، چ دەکەن ئەوانە؟ ئەوانیش یقومون اللیل کله، لۆ لۆوەی فیعلەن ئائەو زەمەنە لەیل ئائەو زەمەنە ئیمانیان دروست ببی، بە چ؟ یقرأون القرآن، أي القرآن؟ قرآن الکون لأن الکون کله کلمات الله الکونیة، أی قرآن منثور

موزع، (قم الليل إلا قليلا{٢} نصفه أو انقص منه قليلا{٣} أو زد عليه ورتل القرآن ترتيلا{٤}) (المزمل) به چ؟ ماذا يرتل؟ (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (العلق ١).

لۆيێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەتا نبووەت روئيەی ئەو ها بوو پاشان روئيەی گۆڕا، باوڕ بکەن موئمين بيەوێ دەگاتە ئەو مستەوايەی ملائيکەت بە چاوی خۆی دەبينی، تەحەددا دەکەم لە قوڕئان لە جێيەك باری تەعالا بيگۆتبی ئەنگۆ مەلائيکەتی نابينن، ياخود بە صەحابە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووبی ئەنگۆ مەلائيکەتی نابينن، موئمين بە چاوی خۆی دەتانی مەلائيکەت ببينی، موباشير سەفارەت لەگەر مەلائيکەت بکاتەوە، ئيننەمما باری تەعالا عەمدی کرديە دەبی ئەوە دروست ببی لە ناو موئمينين.